# خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ (چەمکی لیبرالّیەت)

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# قراءة سريعة لمفهوم الليبرالية

« باللغة الكردية »


زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ( چەمکی لیبراڵیەت )

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

لیبراڵیەت، یان لیبراڵی، داتاشراوی ووشەی (liperty ) ی لاتینیە، کە بەمانای ئازادی دێت .

چەمکی لیبراڵیەت، زیاتر جەخت لە ئازادی بێ قەید و مەرجی تاك دەکاتەوە، ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی هەڵبژاردن، تاك لەکۆمەڵگەدا محوەری سەرەکی چەمکی لیبراڵیەتی ڕۆژئاوایە .

سەرهەڵدانی لیبراڵیەت لە ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەی زاینی، ئەو سەردەمانەی کەنیسە و زوڵم وستەمی

پیاوانی بەناو ئاینی گەشتبووە لوتکەی نادادگەری، بەجۆرێك کەنیسە و دەسەڵاتەکەی بوو بوون بە دەستکەلای بۆرجواز و دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەك سڵیان نەدەکردەوە لە سوکایەتی کردنی بە ئازادی کەسەکان و قۆرخکردنی هەموو فەزاکان، ودەستیان گرتبوو بە سەر هەموو جومگەکانی ژیاندا ومانایەك نەمابوو بۆ بەهای مرۆڤەکان، چونکە پیاوانی کەنیسە دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو بەشێوەیەك خۆیان کردبوو بەنوێنەری خوا لەسەر زەویدا و بە ئارەزووی خۆیان بەناوی ئینجیل و دینەوە کەسانی زانا و ڕۆشنبیریان لە سێدارە دەدا و ئەو کەسەی ووشەیەکی دژ بەوان بنوسیایە یان بوتایە دووچاری توندترین سزا دەبوویەوە، هەر لەبەر ئەوە خەڵکی چینی هەژار و مامناوەند خۆیان پێ ڕانەگیرا لەبەردەم ئەو هەمووە سوکایەتی و بێ نرخیەی کە پێیان دەکرێت، بۆیە بەجارێك ڕاپەڕین دژ بە دەسەڵاتی کەنیسە، تەنانەت سەرەکی ترین دروشمێك کە شۆڕشگێرانی شۆڕشی فەرەنسی لەنێو شەقام

وجادە وکوچە وکۆڵانەکاندا دەیانووتەوە بریتی بوو لە : ( دواین پاشا بە ڕێخۆڵەی دواین قەشە هەڵبواسن ) ئەم دروشمە ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی تەواو وەڕەس بوو بوون لە کەنیسە و قەشەکانی، چونکە هیچ فەزایەکیان نەهێشت بووەوە بۆ ئازادی و زانا و داناکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی، کەسانی وەك ( گالیلۆ ) یان لە سێدارەدا کە ووتوبووی زەوی خڕە، یان کەسێکی وە ( جیرانو برونو) **یان** لە گۆڕەپانێکی گەورەی ڕۆمای پایتەختی ئیطالیا بەستەوە وبە زیندووی سوتاندیان، ئەویش لەبەر ئەوەی تاوانی ئەوەی کردبوو بە دەیووت : خۆریش وەك هەموو ئەستێرەکانی تر یەکێکە لەو هەزاران ئەستێرەیەی کە بە ئاسمانەوەن، وە دەکرێت جگە لەزەوی ئەستێرەی تر هەبێت و ژیانی لەسەر بێت، ئەمانەو و دەیان نمونەی تری ستەم و زوڵمی کەنیسە بەرامبەر بە زاناکانیان، هەموو ئەمانە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسا بوون دژ بە کەنیسە و پیاوانی

ئاینی و ئەو پاشا و مەلیکانەشی کە دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کردبوون .

خەڵکی ئەوروپا تامەزرۆی ئازادی بوون، تامەزۆری ئەوەبوون ڕۆژگارێك بێت و کۆتایی بە دەسەڵاتی نوێنەرە درۆزنەکانی خواکانیان بهێنن، تا ئەوە بوو لەساڵی ١٧٨٩ زاینی خەڵکی هەموو ڕاپەڕین و کۆتاییان هێنا بە ( دادگاکانی تەفتیش ) و کۆتا پادشایان بە ڕێخۆڵەی دواین قەشە هەڵواسی .

بەڵام ئەمانیش لە شۆڕشەکەیاندا تووشی هەڵەیەکی کوشندە بوون، ئەویش ئەوەبوو هاتن بەناوی ( لیبراڵیەت ) و ئازادی بێ قەید و مەرج بۆ خەڵکی دونیاکەی پڕ فەوزایان لە بێ ڕەوشتی بنیاتنا، چونکە لیبراڵیەتی ڕۆژئاوا گرنگی بەلایەنە مادیەکانی تاك دەدات و لایەنەکانی سلوك و بەها ئەخلاقی و ڕۆحیەکانیان پشتگوێ خستوە .

ئەو کەسایەتیە خوێنەوار ورۆشنبیرانەش کە بەشداریان کردووە لە برەودان بەم چەمکە، ( جون لوك ) کە لەساڵی ١٦٣٢ زاینی لەدایك بووە و لە ساڵی ١٧٠٤ مردووە، وە ( جان جاك رۆسۆ ) کە لەساڵی ١٧١٢ ی زاینی بۆ ساڵی ١٧٧٨ ژیاوە، وە ( جون ستیوارت میل ) کە لەساڵی ١٨٠٦ ی زاینی بۆ ساڵی ١٨٧٣ ژیاوە، ئەمانە و چەندان کەسی تر کە بەشداریان کردووە لە خزمەت کردن بە چەمکی لیبراڵی و بەگژاچوونەوەی زوڵم وستەمی پاشا و قەشە ودامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی وئاینیەکانی رۆژئاوا وداکۆکی کردن لە ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگەکانیان .

چەمکی ئازادی لای لیبراڵخوازەکان لەسەر ئازادی بی قەید ومەرجی تاك دارێژراوە، بە تایبەت ئازادی لەبواری سیاسی و ئابووری و ئاینیدا، واتا : تاك ئازادە چی رێڕەو ورێچکە و ریبازێك هەڵدەبژێرێت کە دەسەلات و حکومەتداری خەڵکی بکات، ئازاد بێت لە بەرێوەبردنی بازاڕ و بازرگانی و ئابووریدا

بەشێوەیەك دەسەڵات وحكومەت بەدوور بن لە دەستخستنە ناو بازاڕە ئازادەكەیەوە، تاك ئازاد بێت لەوەی چ جۆرە ئاینێك هەڵدەبژێرێت وئازادیش بێت لە بانگەواز بۆ كردنی، ئەگەر ئەو ئاینە ئاینێكی وەك بوزیە بت پەرستەكان، یان وەك یەزیدی و شەیتان پەرستەكان بێت، نەك هەر هێندە تەنانەت ئازاد بێت لە پەرستنی مشك و جرج و مانگا، وەك ئەو ئاینانەی كە دەبینرێت لە وولاتێكی وەك هندستاندا .

ئەگەر خوێندنەوەیەكی ووردتر بكەین بۆ چەمكی لیبراڵیەت بەتایبەت لە بوارە ئەخلاقی و بەها باڵاكانی مرۆڤدا ئەوە بەدی دەكەین كە شتێك نییە لە بیری لیبراڵدا كە ئەخلاق و ڕەوشت لای هێڵێ سوور بێت، بۆیە دەبینین تاكی ئەورووپی هەر لە منداڵیەوە لە خوێندنەگەكاندا لەسەر ئەوە پەروەردە دەكرێن كە نابێت دایك وباوك ڕۆڵیان هەبێت لە ئاڕاستە كردنی منداڵەكانیاندا بە واتایەكی تر نابێت دایك وباوك ڕێگری منداڵەكانیان بن لەو ڕەوشت و سلوكانەی كە

مومارەسەی دەکەن وهەڵی دەبژێرین، ئەگەر کردیشیان ئەوا دووچاری لێپرسینەوە ولێکۆڵینەوە دەبن لە لایەن بنکەکانی پۆلیسەوە، هەر بۆیە دەبینین منداڵەکان پاش باڵغ بوونیان ئازادن لە مومارەسەکردنی ئەو ڕەوشت و سلوکەی کە بەلای خۆیانەوە پەسەندە، واتا: کچ وکوڕ ئازادن لە ماوەی هەفتەیەکدا و بگرە کەمتریش لەو ماوەیە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ چەند کەس دەبەستن، و کەسیش بۆی نییە ڕێگریان لێ بکات، و هەرکەسیش ڕێگری بێت تەنانەت ئەگەر دایك وباوکیش بن دووچاری ئەو پەری سزای یاسای دەبنەوە، نەك هەر هێندە ئێستا ئازادی بێ قەید مەرجی لیبرالێ ئەوروپا گەشتوەتە ئاستێك پیاوان دەتوانن ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن بۆ ژن و بە پێچەوانەشەوە، پیاوان ئازادیشن لە مومارەسەی سێکسکردن و هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیاندا، بە مانایەکی تر شتێك نییە پێی بوترێت یاساغ لەم بوارەدا، لە پشتگوێ خستنی لایەنی ڕۆحی و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی

ئەوروپی لە ژێر سایەی ئەم بیرە چەوتەدا بە شێوازێك داتەپیوە کە ڕێژەی خۆکوشتن بەهەموو شێوەکانیەوە ڕۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە، لە بوارە کۆمەڵایەتیەکەیشدا خێزان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دابەزیون بۆ پلەیەك کە جێگای دڵخۆشی نییە، لەبەر ئەوەی سیستەمێکی سەرمایەداری وا بەرێوەی دەبات، هەموو تاکێك دەبێت بەرپرسی بێت لە بژێوی ژیانی خۆی، شتێك نییە پێی بووترێت سەرۆك خێزان و بەرپرسی یە کەمی خانەوادە، کە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ بوونی خۆشەویستی و گەورە و بچووك لە نێو کۆمەڵگەدا، بە کورتی تاك وەك ئامێرێکی بەرهەمهێن حسابی بۆ دەکرێت، بەیانی کە ڕۆشتە سەرکار دەبێت تاوەکو ئێوارە وەك هەموو ئامێرەکانی تر کار بکات بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پەیدا بکات، ژن و پیاو سبەینیان وەك یەك هەڵدەستن لەخەو بۆ چوونە سەرکار و ئێوارەش بە ماندووی و مردووی دێنەوە و هەرکەسێکیشیان بەرپرسە لە کڕینی پێداویستیەکانی رۆژانەی

خۆی، بەبێ ئەوەی کەمترین هاریکاری هەستی پێ بکرێت لە نێوانیاندا، لە هەفتەیەکیشدا پێنج ڕۆژ وەك ئامێر سەرگەرمی کارن تاوەکو لە کۆتایی هەفتەوە ئەوەی پەیدایان کردووە لەو دوو ڕۆژە پشووەدا بەسەرگەرم کردنی یانەکانی شەوانەوە خەرجی بکەن، بە مانایەکی تر کۆمەڵگەی ئەوروپی هەمووی دیل و کۆیلەی کۆمەڵێك سیاسی و کۆمپانیا و سەرمایەداری زەبەلاحن، بەبێ ئەوەی بەخۆیشیان بزانن .